


سەرەتا | سەبارەت | بابەت | بابەتی میوانان | پەیوەندی | پێداویستیەکان | Kurdî

## شاپەنجەرەو ڕێکخستنی لە FireWorks

ئەگەر لەوانەی یەکەمەوە تۆزێک فێری ڕووکاری سەرەتایی فایرووۆرکس بوین ئەوا دەبێت ئێستا هەنگاوێکی تر بنێن و بڕۆینە ناو پەنجەرەی گەورەی پڕۆگرامەکەوە کە پێکهاتووە لەزۆر بەشی گرنگ کە ووردبونەوە تیاندا کارێکی ئەستەم نیە ، وەجۆرە هەڵۆێستەیەک لای تاک درووست دەکات کە پێی وایە بەرەبەرە واخەریکە فێردەبێت چۆن ئەم پڕۆگرامە بخاتە کار. ئێستا پەنجەرەی گەورەی پڕۆگرامەکە لەبەردەستمان دایە،




1. ئەم بەشە وانەی پێشودا بەجوانی ڕوون کراوەتەوە کە کەکاری چی‌یەو چەند گرنگن.
2. گۆڕەپانی کار واتا هەموو ئەو گۆڕنکاری و جوانکاریە لەسەر ئەو تەختە دروست دەبێت بۆیە ناوی‌دەنێین شاپەنجەرە.
3.بەکرتە کردن لەسەر هەر ئامرازو وێنەیەک لەناو پرگرامەکە ئەم لیستەیە دەگۆڕدرێت بۆ ڕێکخستنەوەکانی ئەو ئامرازە .
4. بەشی ئۆپتیمیز Optimize کە تایبەتە بەو تابلیە یان ئەو وێنەی درووست کراوە ، لەوانەکانی داهاتودا تیشکدەخەینە سەر کاروچالاکیەکانی ئەم بەشە .
5. پەنجەرەی چینەکان Layers ئەم بەشە بە لەهەموو وانەو گۆڕانکاریەکاندا پێویستمان پێ دەبێت وە هەرفرمانێک لە فرمانەکانی ئەم بەشە کاریگەری تەواى هەیە لەسەر وێنەو تابلۆکانمان.
6. ئەم دوو پەنجەرەیە بەتەنیشت یەکەوە History, Frames هەردووکیان لەسەر هەنگاوەکانی تۆ لەسەر تابلۆ و وێنەکان بەندن، History واتاهەناگوەکانی بەدوای یەکدا ڕێکدەخات. Frames کارەکانت لەسەر تابلۆکان دەکات بەشێوەی پارچە کە زۆر گرنگە لەدروستکردنی ئەنیمەیشندا.
7. ئەم لیستەیە بریتیە لەڕێکخستن و پەنجەرەکان هەموو ووردو درشتی پڕۆگرامەکە.

بۆ ئەوەی شاپەنجەرە بەشێوەیەکی ستاندارد بکرێتەوە واتا ڕێکخستنەکان لە لەو شێوەی وێنەی سەرەوە بکرێتەوە ئەوا بڕۆ بەشی سەرەوە لە پەنجەرەکان Windows دەبێت بەم شێوەیە دیاری کرابێت تاوەکو لەکارەکاند یارمەتیدەربێت بۆ خێراکردنی جەنابت لەو کارونەخشاندنانەدا.




واتادەبێت بەو شێوەیە هێمای ڕاستی لەلای ئەوانە درابێت کە کرتەی لێکراوە، دوای ئەوە بەپێی کارو ئەوشتانەی دەیکەیت دەتوانی پەنجەرەی زیاتر ئازادبکەیت بۆ ئەوەی لە شاپەنجەرە  بیبینیت.
لێرەدا هاتینە کۆتایی وانەی دووەم لەزنجیرە وانەکانی فایرووۆکس بەکوردی بە پشتیوانی ئێوە بەردەوام دەبێت تالوتکە.

لەگەڵ ڕێزم

23 Aug 2005 نووسەرسیامەند    3 بۆچوون

هەموو مافەکان پارێزراوە بۆ وێبگەی فایرووۆرکس بە کوردی